## نەوەی بەرپرسەکان؟! ... ئاسۆعەبدوللەتیف

چانسی یەکێتی و پارتی لەوەدایە خەڵك بیری چووە بیر بکاتەوە.
زۆر ئەستەمە کە باوەر بەوە بهێنین کە یەکێتی و پارتی یان پارتی و یەکێتی ئیدارەکان یەك بخەن و ریك بکەون، ئەستەمێك لە ساتەوەختێکدا رامان ئەگرێت و ئەمانخاتە بەردەم پرسیارگەلی دادگایەکی عەقلانی وەهاوە کە ئاخۆ گوزەرانی باش هەربۆ بەرپرسەکان رەوایەو جلی رەش و کوێرەوەری و کەم تفاقیش بۆ دایکانی شەهیدی پەراوێزخراو؟ ئەوە لە کوێی بیری دیموکراتخوازو سۆسیالدیموکراتدا رەوایی هەیە کە شیلاوگ و چەورایییەکانی نیشتیمان بۆ بەرپرسەکان و کیم و جەراعەت و عەزابەکانیش بۆ گەلی کلۆڵ؟ تاکەی خەڵك لە چاوەروانی ئەو هەموو جیاوازییە چینایەتیەدا سەر بنێنەوەو زەجری ناعەدالەتی بکێشن وبەزۆریش چەپڵەکوتیان بن، یەککرتن ئەگەر بۆ درێژەدان بێت بەو ناعەدالەتیەی کە حیزبی کوردی تیۆریزەی ئەکات ئێمەی مێگەلی دەستی ئەوان گەرەکمان نییە و نامانەوێت، ئەوان دەمێکە لەسەر ئەو تیۆرە ئیش ئەکەن کە رێك بکەون لەسەر ئەوەی کە رێك نەکەون عەرەب ووتەنی (اتفقنا علی ان لانتفق) چونکە لەو رێکنەکەوتنەی کە خۆیان ئەیزانن باخیان وەبەرهەم دێ و داهاتوو بۆ نەوە نەستەلە خۆرەکانیان دابین و مسۆگەر ئەکەن.
بەداخەوە ئەمرۆ نەوەیەك بەرێوەیەو دێت ئۆتۆماتیکی لە پۆستە حەساسەکاندا دائەنرێن و پێئەگەیەنرێن و بە کووت گەورە ئەکرێن و ئەبن بە بار بەسەر خەڵکی ترەوەو هەموو ئیمتیازێکیان بۆ خراوەتە جێب، فەقیرانە باب وبابیریان حیکایەت و سەربوردەی شاخی هەیەو جاش کەوشی لە چیاکان دراندووەو حەقیانە سامانی کوردستان لووش و لف بدەن و بەراست و چەپدا بخۆن و بنوون و تەخشان و پەخشان بکەن بە ئەرزەو سامانی نەتەوەیی و نیشتیمانیەوە، ئەم نەوەیە رێژەیان 1% تێپەر ناکات ئیتر با 99% نەوە مێگەلەکەی تر بچن هەر دەنگ بدەن و چەپڵەکوتی دەسەڵات بن، دەنگ بدەن دەنگ، دەنگ بۆ ئایندەی 1% ی کوروکچی بەرپرسەکان ئەوانەی بایی زەررەیەك مەیلی نیشتیمانیان نییە، بۆ 1%ی نەوەیەکی خەوتووی نەستەلەخۆری بەر سپلیت و ناو لەگزس و دوامۆدێلی پێخەف و شەوی سوورو رابواردن، بۆ ئەو یەکەی کە نیشتیمان و قۆنەرەکەیان لا یەکەو ئاڵای کوردستان لیباسی شەوانی مەلەوانگەکەیانەو پارەی شەوێکیان پاشەکەوتی ساڵێکی مامۆستایەك و کرێکارێکی برسی کوردە و شەهیدیش ئەو تاجیرەیە کە پارەی پێ کۆئەکەنەوە!! خۆش لەوایە ناوچە کاولبووەکانی وەکو هەڵەبجە و گەرمیان و قەڵادزە، تازە لە بەرنامەیاندایە ئاوەدانی بکەنەوە، ئا ئەوەیە بەرهەمی شۆرش، کەواتە شۆرش یان کورەکانی خۆی ئەخوات لە شەری براکوژیدا و خوێناوییان ئەکات یان ئیرادەی میللەت زەوت ئەکا و نەوەیەکی بەرخۆری بێ رۆحی بێ پرسیاری بێ ئینتیمای محەلی دروست ئەکات و ئەیکاتە مۆتەکە بەسەر زۆرترین شەریحەو چینی کۆمەڵگاوە
لە بنەرەتدا یەکێتی و پارتی لە دیدگای خەڵکیدا هێزی خاکی و موتەوازیعی ناو کۆمەڵانی خەڵك بوون و جوڵانەوەی رزگاری نیشتیمانی لە دەستی ئەواندا بوو، بەڵام ئێستا خەریکە بەدەستی خۆیان ئەو دیدگا فریشتەییە ئەگۆرن بە دیدگایەکی شەیتانی، یان بەبێ ئەوەی وەك خۆیان بن وێنەیەکی دیکە بۆ خۆیان دروست ئەکەن کە وێنەی ئەوان نییە، خۆیان ئەخەنە ریزی دەسەڵاتە ئۆروستوقراتە جیاخوازو راسیستەکان و خۆیان لە خەڵك

جیائەکەنەوەو وەك ئەوەی ئەوان لە ئەزەلەوە راقی و کوری شارو نەوەی بەگزادەو شازادەو خانەدانەکان بووبن و قەدەر هەڵبیبژاردبن و خەڵکانی دیکەش دۆم و دوراجی و نەخوێندەوار، بەڵام پێش ئەوەی ئەم نەرجسیەت و لە خۆرازیبوونە بیانگرێت با یەك تۆزقاڵ لابکەنەوە بۆ دواى خۆیان و رابردوو ببینن، ÷ ئەوجا بزانن کوری کام خێزان و کولتورن!؟

ئەبێت ئەوە بزانن کە ئەمرۆ مێژوو حوکم ئەکات نەك حیکایەتەکانی شاخ و سیولە بانکیەکان، ببینن کە بزوتنەوەکەی یاسر عەرەفات کە بە فەتح ناسراوە هەموو جڵەوەکان و رەشوەکان لە دەستی خۆیدا بوو کاتێکی زانی خۆی بووەتە بەشێك لە جڵەوەکان و لەدەستی حەماس گیربووە، ئەمە زادەی ئەو غرووره گەورەیە بوو کە عەرەفات و فەتح هەیان بوو بۆ رزگاری نیشتیمانی و خۆیان بە بریاردەرو قسەکەری ئەوەڵ و ئەخیری فەلەستین ئەزانی و باقی هێزەکانی دیکەشیان ئەکردە تیرۆریست و نۆکەرو ئەیانکردنە دەرەوەی خۆیان، ئێستاش یەکێتی و پارتی لە هەمان بازنەی غروورو خۆجیاکردنەوەدان لە خەڵکی و کاتی نارەحەتی هەموو کەس ئەکەنە هاولیستیان و کاتە خۆشەکانیش کەس بە پێڵاولێسی خۆیان نازانن، ئەم چێژبینینەیان لە غروور سەری داون لە تاشەبەردی بیرچوونەوەی شەهیدان و قوربانیان و هەڵەبجەو هاوپەیمانە کۆنەکانی دوێنێ و حیزبە بچوکەکانی ترو ئەمەش ناو ئەنێن دیموکراسی،

بەڵام خەڵکی هۆشیارو شۆرشگێری تازەی شارو گوند ئەوە ئەزانێ شەری ناوخۆ بۆ خۆی شەری کوشتنی غرووەرەکانی یەکتر بوو پێش ئەوەی هەر شتێکی تر بێت و پاشان بوویە شەری پۆست و دەستکەوت، من لەم دوو ئیدارە گەندەڵە ئەپرسم کاتێ کە ئیدارەکان یەك و یەکگرتوو بوو لەسەر قازودوکانێك جیاتان کردەوەو خوێنتان لەسەر پارە رژان پرستان بە کەس کرد؟ گوێتان لە ئاشتیخوازان گرت؟ ئاخر تائیدارەو کابینە یەکبوو کەس نەیئەناسین و دابەشکردن و تاڵانکردنی داهات و سەرمایە لە ئەولەویاتی کاری حیزب و حکومەت بوو خەم خەمی کۆنترۆڵکردنی داهات و سامان بوو هەموو هەر خەریکی پڕکردنی خەزێنە ماڵیەکەی بوو، باشە کە ئەو دۆخ و ئەزموونە نەفرەتیە هەیە بۆچی داواکاریمان هەیە بۆ یەکگرتنەوەی ئیدارەکان، لەکاتێکدا ئیرادەیەکی بەهێزی خزمەتگوزاری بۆ خەڵکی غائیبە؟ یان ئەوەندە خۆشباوەرین وا ئەزانین کە ئەم دوو ئیدارەیە یەکیان گرت ئیتر جادەی خۆڵ نامێنێ و کارەباو ئاومان فول ئەبێ و گەندەڵی تەنك ئەبێ و وەك ئیماراتی عەرەبیمان لێ دێت؟ ئەوان هێشتا ئاڵوگۆری دیلەکانیان نەکردووەو سجنەکانیان نەخستۆتەوەیەك، ئەدی یەکگرتنی چی؟ متمانە لای ئەوان لە خاڵی سفر تێپەری نەکردووە ئەدی یەکگرتنی چی؟ من لە ووتارێکی رابردوومدا ووتم لەئاشەوانەکان بپرسن وەڵامی چاکیان لایە بۆ ئەم یەکگرتنە کە دۆخی رابردوو سەدان خێزانی بێ شیرازە کردو هەزاران ماڵیان نوقمی غەم و کەسەری گەورە کرد، ئێستاش باوەرم بە یەکخستنەوەی ئیدارەکان نییە وەکو چۆن کایەنەکانی گوند هەرگیز یەکناخرێنەوە، جا هەر کاتێ کایەنەکانی گوند بوون بەیەك و لە سایلۆیەکدا جێگایان بۆ کرایەوە و بە عادیلانە درا بە مەروماڵات و ئەهلی گوند بەبێ دڵ عاجز بوون ئەو کاتە ئیدارەکانی کوردیش یەك ئەخرێ و دادپەروەری ئەسازێ و حکومەتی شامی شەریفی کوردستان دروست ئەکەین!؟ چونکە ئاشەوانەکان ئەیانزانی کە چۆن سەدان ماڵ تۆوە گسکیان ئەهاڕی و ئەیانکردە ئاردو بە پرپۆڵەیی دەرخواردی مناڵەکانیان ئەداو ئەم مناڵانەش کە گەورە ئەبوون دواجار ئەبوونەوە بە خۆراکی شەرگە برسیەکان و جەنگی ناوخۆو ئەبوونەوە بە پرپۆڵەی خوێناویی؟! ئەوان لەو سەردەمە تراژیدیەوە هیچ شتێك نەما

دابەشی نەكەن تەنانەت بە زاراوە كوردیەكانیشەوە بە گردو تەپۆڵكەو بە تەلی فافۆنی كارەباكانیشەوە، سەرنج بدەن لەم یەكگرتنە ئەنتیكەیە چۆن میدیاكانیشی سەرگەردان كردووە، ئێستاش پارتی لە راگەیاندن و میدیای خۆیدا بە سەرۆكی هەرێمی كوردستان ئەڵێت (سەرۆكی كوردستان) و یەكێتیش پێی ئەڵێ (سەرۆكی هەرێم) پارتی بە پۆستی سەرۆك كۆماریی ئەڵێ (سەرەك كۆماری عیراقی فیدراڵ) و یەكێتیش ئەڵێت (سەرۆك كۆماری عیراق) جا منیش دڵنیام لەداهاتووی نزیكدا خاوەنی هیچیان نابین، وەك چۆن جاران شەریان بوو لە سەر ئەوەی كە ئایا كەركوك (دڵ) یان (قودس) ی كوردستان بێت كە دواجار بینیمان هیچیان دەرنەچوو خەریكە لەدەستیش ئەچێ، ئاخر ئەزموونی رابردوو ئەوەندە جوان نەبوو تا ئێستا بیری بكەین و بێزووی هاتنەوەی بكەین، بەم شێوەیەش برۆین داهاتووش ئەوەندەجوان نابێت، ئەگەر گۆرانێكی ریشەیی نەخولڤێنین و خۆمان ریفۆرم نەكەین بەرەو نەهێشتنی گەندەڵی، هاوكێشەی یەكگرتنەوەش گرنگ و چارەنوسساز نیە بەقەدەر چاككردنەوەی جادەیەك و باشكردنی گوزەرانی خەڵكی و دابینكردنی سوتەمەنی و ئاووكارەبا؟ بەیەكگرتنیش دۆزی كورد ناچێتە پێش بەڵكو دۆزی كورد و بێزووكردن بە نیشتیمانێكی سەربەخۆی فیدراڵیەوە بە دەست هەڵگرتن لەو ئیشتیها پروكێنەی بەغدا چێ ئەبێ و چارە ئەبێ كە بەردەوام لە كوردستانەوە بۆی ئەشنێین، ئەگەرچی زۆرجارو بەدرێژایی مێژووی دانوستانەكانی بەغدامان لەگەڵ میرییدا ئەو ئیشتیهایانە كوشندەو پڕ كوێرەوەری بوون بۆ كورد، بەڵام كێشەو گرفتی كورد ئەوەیە كە سەیری رابردوو ناكاو زوو شتەكانی بیر ئەچێ، بۆ ئەم دۆخەش سەد حەیف كە چانسی یەكێتی و پارتی لەوەدایە خەڵك بیری چووە بیر بكاتەوە!؟